کاتێک جەنازە -لەسەر تابوت- دادەنرێت وپیاوان لەسەر شانەکانیان هەڵیدەگرن، ئەگەر چاکەکار بێت، دەڵێت: پێشم بخەن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «کاتێک جەنازە -لەسەر تابوت- دادەنرێت وپیاوان لەسەر شانەکانیان هەڵیدەگرن، ئەگەر چاکەکار بێت، دەڵێت: پێشم بخەن، وئەگەر چاکەکار نەبێت (خراپەکار بێت)، دەڵێت: چی تیاچوونێکە! بۆ کوێی دەبەن؟ هەموو شتێک دەنگی دەبیستێت جگە لە مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ گوێی لێبێت لەهۆش خۆی دەچێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت جەنازە کاتێك لەسەر دارتەرم دادەنرێت، وپیاوان لەسەر شانەکانیان هەڵیدەگرن، ئەگەر چاکەکار بێت دەڵێت: پێشم بخەن چونکە نیعمەت دەبینێت لە پێشیدا، وئەگەر چاکەکار نەبێت بە دەنگێکی پر لە ناڕەحەتی دەڵێت: تیا بچێت بۆ کوێی دەبەن؟! چونکە لە پێشەوەی سزا وئازاردان دەبینێت، هەموو شتێك دەنگی دەبیستێت جگە لە مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ دەنگی ببیستایە لەهۆی خۆش دەچوو بەهۆی توندی وناڕەحەتی ئەو دەنگەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3554